

# لەوانەیە سروشت فۆڕمێك بێت لە ڕوخساری ژنێکدا!!

## دیدارێك لەگەڵ هونەرمەندی فۆتۆگراف کامەران شەوقی

**دیداری: کامەران سوبحان**

**ئەو پێی وایە کامێراکەی شانی یەکێکە لەهاوڕێ زۆر بەوەفادارەکانی، چونکە لەمۆسکۆ بێت یان ستۆکهۆڵم یان سلێمانی‌دیمەنی جوان‌و دڵڕفێنی بۆ دەگرێت‌و بەهۆیەوە ئەتوانی تەعبیر لەخۆی بکات.**

**بەلای کامەران شەوقی هونەرمەندەوە هەموو کون‌و قوژبنێکی سروشت جوانە، تەنانەت پاشماوەکانیش.. ئەو شوێنانەش کە ئێمە پیسایی تێدەکەین، چونکە ئەوێ بەپێی بۆچوونی ئەو شێوەیەکن لەشێوەکانی رۆحی مرۆڤ، لەهەموو**



پرسیارو گفتوگۆیەکدا تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبە تی لەپسپۆڕیەکەی خۆیدا کە کاری سینەمایی‌و فۆتۆگرافیەو لەمۆسکۆ خوێندنی هونەری تەواوکردووە ئەم جارە بوو بەمیوانی ئێمەو ئێوەو بەڕاشکاوانە ئەدواین.

***لەسەیرکردنی کارە فۆتۆیەکانی تۆدا شکڵێك لەگەڕانەوە هەیە بۆ کەلتور، زۆرجاریش ئەو کەلتورە جیاوازیەکی بەرهەم هێناوە بەتایبەتی لەڕووی جوگرافیاو ژینگەوە، بۆ نموونە ئەو فۆتۆیەی کە تۆ لەسابونکەران گرتوتە جیاوازە لەو فۆتۆیەی کە لەمۆسکۆ جیاوازە لەو فۆتۆیەی لەخانەقین ئەم جیاوازیە لای تۆ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

–فۆتۆ خۆی ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی ڕۆحی مرۆڤە، کارلێکێکە لەو بینینانەی کە مرۆڤ هەیەتی بۆ دەوروبەر، ئەم نەوەیەی منیش نەوەیەکی بەدبەخت‌و پڕ چەرمەسەری ژیا، ژیانێکی پڕ لەکۆنتراسی بەخۆیەوە دیوە، باوەڕ ناکەم هیچ نەوەیەك وەك نەوەی ئێمە قورسایی ژیانی لەسەر بوبێت، نەوەیەك کە مەحکوم بوون بەغوربەت. کۆچ‌و سەفەری بەردەوام سەبارەت بەڕەنگدانەوەی ئەم حاڵەتە جیاوازانە لەسەر بەرهەمەکانم، هونەرمەند پێویستە چەندین سنور ببڕێ بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بتوانیٚ بگەڕێتەوە بۆ ناخ‌و حەقیقەتە هونەریەکان جوانتربیبنیٚ ئەگەر تۆ سەیری ئەم پێشانگەیەی دوایت کردبم دەبینی هەندیٚ کارم لەهەشتاکان گرتوە ئەو کاتەی کە لە(یاخ سەمەر) لەلادیٚ بووم، هەندێکی تری لەگەرمیان، هەندیٚ کاری ئێرانی تێدایەو فۆتۆی سویدی تێدایەو دواتر مۆسکۆ، هەموو ئەو شوێنانەی کە من تێیدا ژیاوم، هەریەکێك لەم فۆتۆیانە وەك تۆ باست کرد لەپرسیارەکەتدا جیاوازن، جیاواز لەڕووی ڕەنگ، جیاواز لەژینگەو کەلتور، کەواتە لای من ئەو جیاوازیە. لەگۆڕانکاریە مێژووییەکانی ژیانمدا سەرچاوەی گرتووە، گەر تۆ سەیرکەیت من لەکارە فۆتۆییەکانی مۆسکۆدا ڕەنگی گەرم دەبینریٚ وە ڕەنگی سور کە تەعبیر لەکلتوری دەوڵەمەندی گەلی روس دەکەن. تەعبیر لەتابلۆو ئیکۆنەکانی ئەندریە روبلوف‌و شیعرەکانی یەسەنین‌و کارامازۆرفی دۆستویفسکی دەکەن. تەعبیر لەمێژووی خوێناوی روسەکان دەکەن بەدرێژایی مێژوو، ژیان بەهەمان شێوە لەسوید ڕەنگە ساردەکان وەك ڕەنگی شین‌و سەوز.. زیاتر تەعبیر لەژیان دەکەن..هتد کەواتە فۆتۆ بەپلەی یەکەم بەرهەمی ئەو جیاوازیە کەلتوریەیە کە کۆمەڵگەکانی لەسەر دابەشکراوەو فۆتۆگرافەریش هەوڵی دەرخستنی ئەو جیاوازیانە دەدات.

***بەڵیٚ ڕەنگی سور لەکارەکانی (مۆسکۆ)تدا زاڵە، ئەمە لای تۆ ڕەهەندێکی سیاسی نیە؟**



–نەخێر، ڕەنگە لای ئەوان سمبول بێت بۆ شیوعیەت‌و شۆڕش بەڵام من ڕەنگ وەك ڕەنگ دەبینم‌و هیچی‌تر، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوان ئەو ڕەنگە وەك ڕەنگی شۆڕش بەکاردێنن، من ئەو کاتەی لەڕوسیا ژیام زانیم ئەوان بۆ ئازادی نزیکەی (30ملیۆن) قوربانیان داوە، دیارە ئەمە لەخۆڕا نیەو بێ مەبەست نیە، ئەو ڕۆژانەی کە یادیان دەکردەوە یادەکەیان وا بوو دەتوت دوێنێ ساڵی (1945) بوەو شەڕ تەواو بووە ئەمەندە بەجۆش‌و خرۆش یادەکەیان دەکردەوە، تێکەڵ بەفرمێسك‌و پێکەنین ئەوەی من لێرەدا ویستومە دەریخەم بەفۆتۆ ئەوەیە کە مرۆڤ چۆن هەندێ جار وندەبێت لەنێو کۆمەڵێك شیعارات‌و دروشم‌و ڕەنگدا چۆن مرۆڤ هەست دەکات دوای کۆمەڵێك ساڵ دەبێتە بەشێك لەو دروشمانەو لێی جیانابێتەوە چۆن هەندێ ساتە مێژووییەکانی دەبنە ساتێکی ئەبەدی لەشێوەو ڕەنگدا.

***بەدەر لەم لایەنەش زومی کامێراکەی تۆ بەردەوام کاری لەسەر شوێنە پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگە کردووە، ئەو شوێنانەی کە هەمووومان ڕۆژانە دەیبینین‌و هەست بەجوانییان ناکەین، ئەم حاڵەتە لای تۆ چۆن لێکدەدرێتەوە؟**

–ئەم ئیشکردنە زۆر لەهونەری مۆدێرندا کاری لەسەر دەکرێت، هونەر ئەو زاتەیە کە دەرخەری هەندێ شت‌و هەندێ لایەنە کە مرۆڤی ئاسایی ڕەنگە نەیبینیبێت یان هەستی پێ نەکات، ئێمە هەر چواردەورمان جوانییە، هونەرمەند مەحکومە بەوەی کە بەدوای جوانییە شاراوەکاندا بگەڕێ ئەو جوانیەکەم تەمەنانە، کاری فۆتۆگرافیش کارێکی



ساتەوەختیەو دیمەن‌و گرتەش لەیەك چرکەدایە، پێویستە هونەرمەندی فۆتۆگراف زۆر بەهۆشیاری‌و ورياييەوە ئەو هەلانە بقۆزێتەوەو نەیەڵێت ئەو حاڵەت‌و دیمەنانەی لەدەست دەربچێت، چونکە هیچ گرتەو دیمەنێك نیە لەسروشتدا دووبارە ببێتەوە، تەنها لەیەك چرکەی دیاریکراودا نەبێت.

***ئەی ئەم حاڵەتە چەندێك پەیوەندی بەمێژووی شارەوە هەیە؟**

–پرسیارێکی زۆر جوانەو زۆرم پێخۆشە، سلێمانی ئەم شارەی کە من‌و تۆی تێدا دەژین شارێکە تەمەنی (200)ساڵە بەڵام ئێستا وردە وردە خەریکە مێژووەکەی دەسڕینەوە، هەموو شوێنە ئەسەری‌و کەلتوریەکانی خەریکە بەرەو لەناوچون دەچن، زۆرێك لەگەڕەکە کۆنەکانی وەك (ئەسحابە سپی‌و قەزازەکان‌و سابونکەران) لەبەردەم ئەگەر لەناوچوندا، خەریکی ئەو خانوە مێژووییانە ئەڕوخێنن‌و کۆمەڵێك خانوی شوشەیی‌و هەندێ بیناسازی نوێ دروست دەکەن، بەمەش وا دەکەن لەمێژووی ئەم شارە کە کەسێك بێتە ناوی وا بزانێت ئەم شارە مێژووی دروستبوونی بۆ (20ساڵ) دەگەڕێتەوە نەك (200 ساڵ)، من شتێك دەگێڕمەوە، لەم ماوەی رابووردودا سەفەرێکم کرد بۆ دەوری خانەقین‌و جەلەوی خانەقین، لەوێ کاتێك تێرامام بینیم گەڕێکی جوانەو ناوچەیەکی دڵگیرە، دەزانیت ئەم شارە شارێکی مێژووییەو خاوەن مێژووە، چونکە بینا مێژووییەکانی ماون، پردی ئەڵوەن، خانوی تەرازی کۆن ماوە، قەیسەری مێژووی..هتد. کە باس لەمێژووی شار دەکەین بێگومان باس لەململانێی مرۆڤ دەکەین بۆ خوڵقاندنی مێژوو و لەگەڵ کۆی بونەوەرەکانی وجود لەپێناوی مانەوەدا، ئەمانە هیچیان پێچەوانەی پێشکەوتن‌و شارستانی نین بەڵکو دوو ئاراستەن بەتەریبی یەکتر هەنگاو دەنێن مرۆڤ‌و مێژوو.. مێژوو زمانی هونەرە کە تەعبیر لەمێژووی مرۆڤ دەکەن.

***بەڵام تۆ پێت وانییە ئەمەش سەردەمێکی مۆدێرنەو پێویستە بیناسازی‌و سیمای شار لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دونیادا بگونجێت؟**

–ئەزانی کاتی خۆی وەستایەك کە بینایەکی دروستکردووە، هەست دەکەیت ئەو وەستایە رۆحی خۆی لەناو ئەو بینایەدا داناوە بۆیە ئێستا ئەو رەونەق‌و جوانیە دەبەخشێت، بەڵام ئێستا هەموو شتەکان ئامادەو جاهزە ئێستا بیناسازی مۆدێرن سەد بیناو بۆ دەکات هیچیان جیاوازنین‌و هەموویان لەیەکتر دەچن، پێم ناڵێیت جوانی ئەمانە لەکوێدایە؟ بەڵام کاتی خۆی هیچ بینایەك لەیەکێکی‌تر نەچووەو بەواتایەکی جیاوازی‌و فرەیی هەبوو لەفۆڕمی بیناسازیدا ئەمەش ئەو جوانیەی داوەتە ریتمی شار کە ئێمە لەسەری ئەڕۆین سەیر لەبیناسازی کۆندا لەگەڕەکێکدا هیچ دەرگایەك لەدەرگایەکی‌تر نەچووە، هیچ پەنجەرەیەك لەپەنجەرەیەکی‌تر نەچوە، من کاتی خۆی باوکم بۆی باسکردوم کە پەنجەرەو دەرگا لای مرۆڤی کورد ماناو دەلالەتی گەورەی هەبووە، پەنجەرە روانگەیەك بووە بۆ بینینی دونیا دەرەوە شوێنێك بووە بۆ بینینی روناکی‌و ژیان‌و سروشت‌و رووداوە تاڵ‌و شیرینەکانی واقیع مرۆڤ، بەڵام ئێستا ئەم مانایانە ونەو مرۆڤ لەقۆناغێکدا دەژی، مەحکومە بەوەی لەچاخێکدا بژی سەرجەم کەرەستەکان بونیان نیەو تەنها بونێکی وەهمی نەبێت بونێکی حازرو فەرز کراو تەنانەت زەوق، رەنگەکان فۆرمەکان بونێکی تەقلیدو چاولێکەریان پێوە دەبینرێ دوور لەرەسەنایەتی.

***ئەو فۆتۆیانەی لەسابونکەران یان لەهەندێ شوێنی پەراوێز وەك کۆڵانی پشتی سەهۆڵەکەو شوێنی زبڵدان‌و پیسی، ئەم دیمەنانە لای تۆ هیچ هێماو سمبولێکیان هەیە؟**

–بەدڵنیاییەوە زۆریش، من ماوەیەکی زۆر لەسوید ژیاوم ئەوێ وڵاتێکی پاکە، وڵاتێکە خۆڵی

هەر نیە، ڕەنگە مانگێك بەپێ بگەڕێیت پێڵاوەکانت تۆزاوی نەبێت، زۆر کاری فۆتۆشم لەوێ گرتووە زۆریانت بینی، بەڵام ئەوانەی لێرە گرتومە دەرگایەکی سابونکەران دیوارێکی کۆنی ئەسحابە سپی شوێنە پیسەکەی کە باست کرد پشت سەوەڵەکە، ئەمانە هەمووی دەلالەتی بەهێزن، ئەو شتانەش پیسن وەك واقیع بەڵام کە روحی هونەریان کرا بەبەردا بوون بەتابلۆ ئیدی ئەو کارانە دەچنە مەملەکەتی هونەرەوە دەبێ بەو زمانەش بخوێندرێنەوە نەوەك بەزمانی واقیع پێویستە بینەری کوردی لێیان بگات، ئەو دیمەنانە جوانیەکی رۆحیان لەناودا هەیە، هەست دەکەیت ئەو کۆنیە کۆنیەك دەردەخات لەپەیوەندی نێوان (مرۆڤو کەرەستەکان) چۆن مرۆڤەکان لێرە رۆحیان تێدایە، بەهەمان شێوەش دیوارەکان، دەرگاکان، دەمەوێ لەنیشاندانی دەرگایەکی کۆن نیشانی بدەم کە مێژوو نەوەستاوەو نیشانی بدەم کە چەند عاشق لەپشت ئەو دەرگایانەوە عیشقیان کردووە، چەند کەس لەپشت ئەو دەرگایانەوە تووشی ترسو راونانو مردن بوونەوە، چەند کەس لەپشت ئەو پەنجەرەو دەرگا کۆنانە لەدایك بوونو یەکەم جار خۆریان دیوە. بەردەکانی ئەم وڵاتەش پڕن لەڕۆحو جوانی دەتوانین وەك (وحدە الوجود) ببیینین ئەو پیسیەی باست کرد عەزابی مرۆڤی کورد دەردەخات، هیلاکی مرۆڤەکان بەدەست چەرمەسەری ژیان بەتایبەتی گەر سەیری فیگەرەکانی نێو ئەو فۆتۆیانە بکەیت راستەوخۆ لەسیمایاندا ئەم هەستە ماندوبونو تێکشکانە بەڕوونی دەردەکەوێت. هەست دەکەیت مێژووی روحەکانمان لەو سیما کۆنانەدا بەدەرئەکەون پێش چەند ساڵێك فیلمێکی کارتۆنم بینی لەبەرهەمی (والت ویزنی) دەربارەی بەتریقێکی بچوك کە بیری دەریا ساردەکانی بەستەڵەکەکانی باکور دەکات.

بەڵام بەڕێکەوت رێی ئەکەوێتە ئاوە گەرمەکانی باشووری جیهان لەسەر لێواری دەریایەکی گەورە کە پڕن لەدارخورما لەوێ وێنەیەکی (قطب-ی شمالی) بەیەکێك لەدارخورماکاندا هەڵدەواسێ لەدواییدا دەست دەکات بەدروستکردنی بەلەمێكو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نیشتمانەکەی خۆی..

***ئەی ئەو دوالیزمەی لەکارەکانتا دەبینرێت، بەشێوازێك فیگەرێکی سەرەکی هەیەو لەپشتیشەوە فیگەری لاوەکی، یان دەکرێت بڵێین باك گراوندی ئەم پرۆسەیە لای تۆ مەبەستە یان رێکەوتە لەکارەکانتا؟**

-من پێش ئەوەی باس لەباك گراوند بکەم، هەموو وێنەیەك ئیدی وێنەی سروشت بێت یان پۆرترێت بێت، هەموو ئەمانە لەو مانا واقیعیەتەی خۆی دانامێنێت، من کە کارێکی وا دەکەمو دەیکەمە فۆتۆ ئیدی ئەو دیمەنە یان ئەو کارە فۆتۆییە پێوەندی بەواقیعەوە نامێنێت، لەوانەیە کە من وێنەی شاخێك یان شوێنێك دەگرم بەڕاستی ئەو شاخە نیە لەقەرەداغ یان شاربازێر، لەوانەیە ئەو شاخەیان سروشت فۆرمێك بێت لەڕوخساری ژنێکدا!! یان روحێك، عەزابێك لەشێوەی گوڵێك، بەردێکا بەرجەستە بوبێ، هونەر لای من بەتەجریدکردنی حاڵەتە واقیعیەکانە بۆ ئەو حاڵەتە روحیانە کە لەناخمدا دەبزوێن.

ئینجا لێرەوە دێمە سەر پرسیارەکەی تۆ کە وروژاندنی بابەتی باك گراوندە لەکاری فۆتۆدا کە ئەمە زۆر لایەنێکی گرنگو قورسە من کە لەپەیمانگەی مۆسکۆ لە1994 دەستم پێکرد بەخوێندنو بەشکڵێکی ئەکادیمی کۆمەڵێك وێنەی فۆتۆیی خۆمم پیشانی مامۆستاکەم دا، ئەویش پێی وتم، ئەم کارانەی تۆ هەمووی کاری زانیارین (معلومات)، چونکە منداڵێك جل دڕاوە، ژنێك جل دەشوات..هتد. هیچ نرخێکی هونەریان نیە وەك فۆتۆ.

فۆتۆگراف زانستێکە وەك زانستەکانی‌تر کۆمەڵێك بنەماو میتۆدی خۆی هەیە، ئەو بنەمایانەش چین؟ باك گراوند زاویەکان، تاریك‌و روناکی..هتد، زۆر گرنگە وێنەی کەسێکت گرت باك گراوەندەکەی پیشانبدەیت، چونکە باك گراوندەکەی دەرخەری (شوێن، کات)ە لەڕووی زانستی جوانکاری، دواتر پانتاییەکی ئەدەیت پێی کە دەرخەری مەوداو رەهەندەکانە کە فیگەرە سەرەکییەکە لەپێشەوەیە قولاییەك دەبەخشێت بەکارەکەت‌و بێگومان ئەوەش بنەمایەکی جوانکاریە، چونکە مرۆڤ بەشێکە لەسروشت هەر لەوێشدا دەتوانێ مومارەسەی مێژووی خۆی بکات. من ئەو قسەیەم لەبیرناچێت کە فۆتۆگرافەرێکی ئەڵمانی دەڵێت (مرۆڤی ناشرین نیە، گەر فۆتۆگرافی زیرەك هەبێت!!)

لەم وتەیەوە شتمان زۆر بۆ دەردەکەوێت، کەواتە گرنگی‌و ئەهمیەت لەکارەکەدا لەجوانکاریدایە. لەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی هونەری فۆتۆ.

سروشت لەهەموو چرکەیەکیەوە پڕ لەجوانی، ریتمی شەوو رۆژ هەریەکەیان بۆ خۆی پڕن لەجوانی فۆتۆگرافی بەسەلیقەش دەتوانێت بەوریایی‌و بەحسی خۆی ئەو ساتە جوانانە بگرێت‌و بیکاتە فۆتۆ، چاوی فۆتۆگراف پێویستە شتی زۆر ببینێت پێویستە جوانی لەتاریکی نێو شەو ببینێت‌و پیشانی بینەری بدات، هەموو وەرزەکان بۆ هونەرمەندی فۆتۆگرافی جوانی خۆی تێدایە کە پایز دەبێت‌و گەڵا هەڵدەوەرێت بەشێك لەڕۆحی مرۆڤ هەڵدەورێت کە زستان دەبێت‌و باران دەبارێت وەکو رۆحی ئینسان بارانی تێدا دەبارێت، کە هاوین دەبێت مرۆڤ دەبێتە بەشێك لەڕۆحی گەرماوی‌و کولاَن کۆچەکان..

***ئەی سەبارەت بەکات‌و شوێن‌و ئەو ئیشانەی کە لەکۆندا کراون‌و ئاستی فۆتۆ لەو سەردەمانەی رابوردوودا کە وەك ئێستا تەکنیك نەگەیشتبویە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ دەکرێت بڵێین ئەو کارانە ئەرزشیان نەماوە؟**

–خۆی هەندێ شتێ کۆن هەیە یان هەندێ کاری کۆن دۆکیومێنتی هەیە وێنەی بەسەرهاتەکانی سەردەمی شێخ مەحمود یان شارەکانی کوردستان (سلێمانی–هەولێر–خانەقین..هتد) زۆر پڕ ئەرزشترن، بۆ؟ چونکە وەك فیلمەکانی تارکۆفسکی بکەین بەردەوام وێنەی تەلاری کۆن‌و شوێنە لەبیرچوەکان.. بەردی کۆنی گرتوە، بۆ ئەوەی پیشانی بینەری بدات کە ئەمانە بەشێکی بیرنەچووەوەن لەژیانی مرۆڤ، بەشێك بوون لەململانێی مرۆڤ لەپێناوی مانەوەو نەمریی وا..

ئەوەی کە تۆش پرسیارت لێکرد لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەردەوام مرۆڤ لەناوەوەیدا حەنانێك یان شێوازێك لەحەزی تێدایە بۆ گەڕانەوە بۆ رابووردو بۆ منداڵی زۆر جار (بێرگمان‌و تارکۆفسکی) هەوڵیان داوە شتە کۆنەکان نمایش بکەن بەشێوەیەکی هاوچەرخانە، هەروەك چۆن هیگڵ وتویەتی مرۆڤ عیبارەتە لەڕابووردوو، رابوردویەك کە تێماندا دەژی‌و دەبێتە باك گراوندی کارەکانی داهاتوومان..

***ئەی ئێستا لەدونیای هاوچەرخداو لەکاری فۆتۆگرافیدا چەندین لایەنی گرنگ هەیە، دیارترینیان کاری رۆنامەنووسییە، تا چەند تۆ پێت وایە فۆتۆ کاریگەریەکی گرنگ‌و شیاو لەسەر فۆتۆ بەجێدێڵێت؟**

–بەڕوسی پێی دەوترێت فۆتۆ ریپۆرتاژ، ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ئەوەندەی پەیوەندی بەهونەری فۆتۆ نییە بەقەد ئەوەی کە پەیوەندی بەهونەری لەحزەوە هەیە، ئەوە گرنگیەکی گەورەو بەرفراوانی لەهونەری رۆژنامەنووسیدا هەیە، من فۆتۆگرافێك دەناسم لەدورەوە لەسوید فۆتۆیەکی گرتوە کە کچی پاشای ئەو وڵاتە کوڕێك ماچ دەکات، ئەمە لەدونیای رۆژنامەنووسیدا لەسوید شتێکی گەورەیە، هەروەك

چۆن لەسیاسەتیشدا دنیایەك گێرمەوكێشە دەنێتەوە، بەڵام تا ئێستا لەڕۆژنامەگەری كوردیدا ئەم ئاراستەیە دروست نەبوە، كاری زۆریشی دەوێت بۆ ئەوەی دروست ببێت. كە تەنها فۆتۆیەك نرخێكی گەورەی هەبێ.

***كۆنتراس و هارمۆنی دووشتن تۆ زۆر لەكارە فۆتۆییەكانتا ئیشی لەسەر دەكەیت و زۆر جاریش بەباسكردن باسی دەكەیت ئەم دوو چەمكە ئەرزشیان لەهونەری فۆتۆگرافی مۆدێرندا لەچ ئاستێكدایە؟**

-من هەندێ فۆتۆم هەیە بەچەندین سەعات دوای كەوتوم ئەوسا بەدەستم هێناوە، ئەو وێنەیەی روسیا بۆ نموونە ئەو پیاوەی وێنەی ئالاكان لەعەینەكەكەیدا دیارە چەندین سەعات دوای كەوتوم ئەوسا بەعەدەسەی نزیككەرەوە گرتومە، حەقیقەت پێویستە بەدوایدا بەردەوام بگەڕێیت و هەروا ئاسان نیەو هەر لەخۆڕا بەدەست بێت، پرۆفیسۆرەكەم ئەوەی دەرسی فۆتۆگرافی پێدەوتم ئەیوت پێویستە چەندین فیلمی زۆر بگرین بۆ ئەوەی چەند فۆتۆیەكی جوانمان دەست كەوێت، ئەو دوو رەگەزەش كۆنتراس و هارمۆنی یەكێك لەبنەما سەرەكیەكانی ئەم هونەرەن بۆیە پێویستە هونەرمەند بەپێی پێداویستی ئەو شتەی دەیەوێت كارەكەی رێكبخات، ئایا دەیەوێت رەنگەكان لێك نزیك بن یان بابەتەكانی نێو فۆتۆكەی لێك نزیكیەك هەبێت یان دژیەك كە تەواو پێچەوانەی یەكترین. وەك وێنەی فیلێكی گەورە لەتەنیشت سەگێكەوە، دەستی گەورە كە دەستی منداڵێكی پچوكی لەدەستایە..هتد.. لەڕەنگەكانیشدا مرۆڤێك بەجلی سوورەوە لەكێڵگەیەكی سەوزدا یانی رەنگی گەرم (سور) لەگەڵ رەنگی سارد (سەوز) كە بەهەردووك قولایی و كونتراست دەخولقێنن.

***تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەیت كە پێی وایە تەكنەلۆژیای مۆدێرن پێگەی هونەری فۆتۆگرافی كەمكردوەتەوە؟**

-من لەكۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكان كە دەستم كرد بەكاری فۆتۆگراف كامێرایەكی (بۆكس)م هەبوو (چینی)بوو زۆرشتی جوانم پێگرت، بیرم دێت بەسەدان و هەزاران كارت چاپ دەكرا بۆ شارەكانی كوردستان، كە فۆتۆی من بون لەستۆدیۆ جوان چاپ دەكران، من ئەم كامێرایەی ئێستا هەمە كامێرایەكی (پەنتاكس 1000) كە لەساڵی 1992 كڕیومە تا ئێستا بەخۆی عەدەسەكانیەوە وەك هاوڕێمان لێهاتووە، شانازی دەكەم بەوەی كە زۆرێك لەئیشەكانم بەم كامێرایە كردووە، من سەرەتا لەگەڵ كامێرای دیجیتاڵ نەبووم بۆ كاری فۆتۆگرافی بەڵام ئێستا دیجیتاڵ حاڵەتێكە فەرزكراوەو واقیعە، ئیتر بمانەوێ یان نەمانەوێ.

ئەی بۆ باسی ئەوە نەكەین لەگەڵ هەموو لایەنە باشەكانی وێنەگرتن بەكامیرای ئاسایی لایەنی سلبی هەیە، من بۆ خۆم چەندین كاری فۆتۆیم كردووە كە دەیبەیتە موختەبەرەكانی ئێرە تووشی بێئومێدی ئەبیت چونكە بەشێكی زۆری كارەكان یان شۆردنەوەی وێنەكان شین باوە، یان سەوزباوە، بێگومان ئەم ئیشەی موختەبەرەكان رەنجی هونەرمەندی فۆتۆگراف بەبادا دەدات. پیاو بڕوای بەكامیراكەشی نامێنێ.

بەڵام لەهەمانكاتدا بیرت نەچێت بۆ نموونە بابەتێك بەكامێرای دیجیتاڵ دەتوانین (200-300) وێنە بگرین چەند دانەیەكی لێهەڵبژێرین، بەڵام لەكامێرای تردا ئەمە ناتوانین بكەین. لەبەرگرانی كەجۆرەكەی (دیجیتاڵ) نەبێت، جگە لەمەش تاقیكردنەوەیەكی حسی باشیشە بۆت بۆ ئەوەی سەیری كارەكانی خۆت بكەیت بەكۆمپیوتەرو چ زاویەكت جوان داناوە، چ هەڵەیەكت هەیە، چیت باش كردووەو چ خراپ، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئیمێڵەوە ئەنتەرنێت دەتوانیت بینێریت بۆ



هاوڕێکانت، شتەکان زۆر ئاسان بوون بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئەمە جگە لەوەی لەئینتەرنێتدا سەدان سایت کراونەتەوە تایبەت بەکاری فۆتۆگراف بێگومان ئەمەش ئەهمیەت و کاری فۆتۆگراف بەرەوپێشەوە دەبات لەبەر ئاسانی وەدەستهێنانی چەندین وێنەی جوان و باش.

***پەیوەندی نێوان فۆتۆو ڕۆحی هونەرمەندەکە لەچ ئاستێکدایە، ئایا ئەم دوو لایەنە دەتوانن بەیەکتر کاریگەربن؟**

-بۆنا، زۆریش گەر فۆتۆگرافەر لەمۆزارت بگات، یان موتابەعەی ئۆپێرا بکات، هەڵبژاردنی بابەتەکانی جوانتر دەبێت هەڵبژاردنی زاویەو شێوازی کارەکەی مۆسیقای ڕەنگەکان زیاتری تێدا دەبینرێت، من باوەڕم وایە باك گراوندو مەعریفەی مرۆڤ زۆر کاریگەرە بۆ ئەو فۆتۆیەی کە هونەرمەند دەیگرێت وك تارکۆفسکی دەڵێت: (ژیان فیلمێکی درێژە، تۆ کامەت بەدڵە رای دەگریت بەگوێرەی خیبرەی روحی و جوانکاری ئەمەم بەدڵە رای دەوەستێنیت) کەواتە زۆر گرنگە بۆ هونەرمەندی فۆتۆیی گوێ لەمۆزیك بگرێت، مۆزیك کار لەڕۆحی فۆتۆگراف دەکات. هەروەها متابەعەو سەیرکردن و خوێندنەوە.

**کورتەیەک لەژیانی کامەران شەوقی:.**

-خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەسلێمانی تەواوکردووە.

-ماوەی حەوت ساڵ مامۆستای گوندەکانی دۆڵی جافایەتی ناوچەی شارباژێر بووە.

-دەرچوی پەیمانگەی سینەماییە لەمۆسکۆ بەشی وێنەگرتنی سینەمایی و TV ساڵی 1994-2001.

-ساڵی 2002 بەشداری فێستیڤاڵی فیلمی لەشاری (یۆتۆ بۆرگ) کردوە، بەفیلمی (قیامەت). بەسیستمی 35mm رەش و سپی.

-ساڵی 2003 بەشداری لەفێستیڤاڵی کورتە فیلم کردووە، لەمۆسکۆ بەفیلمی (بلون). 35mm رەش و سپی.

-ئێستا ڕاوێژکاری سینەماییە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم..